ئەوەی دەربچێت بۆ فێربوونی زانستی شەرعی ئەوا دەرچوونەکەی لە پێناو خوای گەورەیە هەتاوەکو دەگەڕێتەوە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی دەربچێت بۆ فێربوونی زانستی شەرعی ئەوا دەرچوونەکەی لە پێناو خوای گەورەیە هەتاوەکو دەگەڕێتەوە».
[حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: ئەوەی لە ماڵەکەی یان شارەکەی دەربچێت بۆ فێربوون وگەڕان بە دوای زانستی شەرعی ئەوا حوکمی وەکو حوکمی ئەو کەسە وایە کە لە پێناو خوادا جیهاد دەکات هەتا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، چونکە وەکو کەسی موجاهید هەوڵدەدات ئاینی خودا زیندوو بکاتەوە وشەیتان زەلیل ونەفسی خۆی ماندوو بکات بۆ کاری چاکە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4191